کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 11:43 24-2-2007

# دامەزراندنی "ی. ق. ک. " وەرچەرخان بوو لە بزاڤی رزگاریخوازی کوردستاندا ... محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری

قوتابیان، توێژێکی بەربڵاوی کۆمەڵن، لە هەموو ئان و ساتێکدا ئامادەباشی و هەوڵ و تەقەلاکانیان



لەبەرچاو بووەو، لەبەرئەوەی هەستیارترین و بەجۆش و خرۆشترین توێژی کۆمەڵن، بۆیە لە ناوچە جیا جیاکانی جیهان بوونەتە جێی ئومێدو هیوای شۆڕشەکان و، ئایندەی گەلیان لەسەر بونیات دەنری. هەڵبەت بزاڤی ئەکتیڤانەی قوتابیان لە سەرانسەری جیهان رۆڵێکی کاریگەرو بەرچاوی هەبووە لە خەباتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی جیهانیدا، لەپێناو بەرقەرارکردنی ژیانێکی ئارام لەسایەی ئازادی و دیموکراسیدا و راماڵینی چەك و شەڕ، لەپێناو ژیانێکی بەختەوەرو ئاسوودەو، بەدیهێنانی مافەکانی تریان لەبواری زانست و فێربوون و پەروەردەکردندا.

توێژی قوتابیان لایەنێکی گرنگی (نەتەوە) پێکدێنن، لەبەرئەوەی هۆکارێکی کاریگەرن بۆ بونیاتنان و پێشکەوتنی گەل و وڵات، لەم دیدگایەوە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە بیرکردنەوەی حەکیمانەی باوکی رۆحیی نەتەوەی کورد بارزانی نەمر، وەك پێویستییەکی مێژوویی و سەردەمیانە بڕیاری دامەزراندنی یەکەم رێکخراوی قوتابیانەی کوردستانی دا بەناوی (یەکێتی قوتابیانی کوردستان)، بەمەبەستی کۆکردنەوەی سەرجەم قوتابیانی کوردستان لە ژێر چەترێکداو، پتر برەودان و داکۆکیکردن لە مافە رەواکانیان و، سەرپەرشتیکردنی کاروباریان بۆئەوەی گرنگی زیاتر بە هەموو بوارەکانی ژیانیان بدری.

دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ئەو وەرچەرخانە مێژووییە بوو کە قوتابیانی کوردستان بۆ یەکەمجار جاڕی دامەزراندنی رێکخراوەکەیان بە سەربەخۆیی دا و، بەر لەمەش قوتابیانی کوردستان وێرای خەباتی رۆشنبیری و زانستیانەیان، دانەبڕاوی خەبات بوونە لەپێناو ئازادی گەل و رزگاری نیشتماندا. ئەم جاڕدانەش کە لە 18ی شوباتی 1953 راگەیەنرا شێوازێکی دیکەی خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردستان بوو دەهەنبەر ئەو هەڕەشەو پێشێلکردنانەی دەرهەق بە ماف و بوونی گەلەکەمان دەکرا. بێگومان بوونی رێکخراوێکی جەماوەری کە پرەنسیپەکانی پراکتیزەکراو هەڵقوڵاوی چەمکی دیموکراتیەت و هەنگاونان بەرەو کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بوو زۆر پێویست بوو، بۆ سڕینەوەی مۆرك و روخساری شێوێنراوی گەلەکەمان لەلایەن ناحەزو داگیرکەران کە بۆیان دروست کردبوو، گوایە کورد گەلێکی نەفامە و جگە لە زمانی شەڕو چەك لە هیچ زمانێکیتر ناگا، بۆیە ئەم هەنگاوە تازە بابەتەی خەبات، ئامرازێکی گرنگ بوو لە ناساندنی دۆزی رەوای گەلەکەمان بە گەلانی جیهان، لەمیانەی بەشداریکردنی نوێنەرانی ئەم یەکێتییە لە چەندین کۆبوونەوەو فیستیڤاڵ و کۆنگرە جیهانیەکانی تایبەت بە قوتابیان و، توانیویانە دەنگی ستەملێکراوی گەلەکەمان و کێشە رەواکەی بە ئامادەبووان بگەیەنن.

شانبەشانی ئەم خەباتە پیلۆماسیانەی کە تەکانێکی باشی بە دۆزی کوردی دا، لە رۆژانی تەنگانەدا ئەو دەمەی میللەتەکەمان پێویستی بە نەعرەتەی جوامێرانەی رۆڵەکانی هەبوو، ئەندامانی ئەم رێکخراوە لە شاخدا پێشمەرگەی بە وەفاو پارێزەری سەنگەری کوردایەتی بوونە بۆ لەگۆڕنانی خەونی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دوژمنان و هەڵهاتنی ئاسۆیەکی پرشنگدار، هاوکات مامۆستاو فێرکاری منداڵانیش بوون لە ناوچە رزگارکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش، ئەم خەباتانەش پەیوەندییەکی گرێدراو بوو بە خەباتی شار، کە رۆڵێکی کارامەو دیاری گێڕاوە لە بە ئاگاهێنانەوەی تاکی کورد بە گشتی و توێژی رۆشنفیکری قوتابیان بەتایبەتی، لەمەر رەوایەتی دۆزەکەمان و چاندن و بەهێزکردنی هەستی نەتەوەیی لە بیروباوەڕیان، ئەمەش تەنیا لە شارەکانی کوردستان نەبوو، بەڵکو لەشارەکانی وەکو بەغداو بەسرەش بەشێوەیەکی ئەکتیڤانە رێنمایی و بڕیارەکانی سەرەوە لەلایەن رێکخستنە نهێنییەکانەوە بەرێکوپێکی جێبەجێ دەکرا. دواتر لە راپەرینە مەزنەکەی بەهاری 1991 ئەندامانی (ی. ق. ك) هاوشان لەگەڵ پێشمەرگەدا گیانفیدایانە شەرەفی پاکتاوکردنی خاکی کوردستانیان پی بەخشرا، لە پاڵپشتی کردنی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان و، گۆشکردنی نەوەی نوی بە هزری رەسەنی نەتەوایەتی و نیشتمان و مرۆڤپەروەری و زانستخوازیی.

یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە ماوەی پەنجاو چوار ساڵەی تەمەنیدا هەوڵیداوە پشکداری کاریگەرانە بکات لە پرۆسەی بونیاتنانەوەی خواست و ئیرادەی مرۆڤی کوردو، سڕینەوەی شوێنەوارە ناشیرینەکانی سیاسەتی دوژمنان لەسەر گەلەکەمان، ئێستاش لەمیانەی داگیرسانی پەنجاو پەنجەمین مۆمی تەمەنیدا، بەپێی چەمکی پێناسە پڕ بە پێستەکەی بارزانی نەمردا، ئەندامانی ئەم یەکێتیە هەمیشە سەرە رمی شۆڕش و سەرهەڵدانەکان بوونە، هاوکات پێشڕەوی کاروانی زانست و پێشکەوتنخوازی بوونە، بۆیە هەردەم پێگەی پێگەیاندنی تێکۆشەران و نیشتمانپەروەران بووە هەروەك سەرۆك بارزانی دوپاتی دەکاتەوە کە رۆڵی (ی. ق. ك) لە بزاڤی رزگاریخوازی کوردستاندا ئێجگار پڕ بەهایە و جێگەی ریزو شانازی هەموو تێکۆشەرانە. پرۆگرامەکان و میتۆدی کاری ئەم رێکخراوە لە رێبازو بیروباوەڕی کوردستانیانەی بارزانی نەمرەوە سەرچاوەیان گرتووەو لە دیدگایەکی نیشتمانی و نەتەوەیی و شارستانیدا دارێژراون، بەجۆرێك وای سەپاندووە کە قوتابیانی کوردستان بۆ هەمیشە بە ئاوێتەیی لەگەڵ رێکخراوەکەیان بمێننەوەو لێك دانەبڕێن، چونکە (ی. ق. ك) داکۆکیکاری راستەقینەیان بووە، ئاکامی هەڵبژاردنەکانی نوێنەرایەتی قوتابلیانیش لە ساڵانی رابردوو گەواهیدەری ئەم راستیەن. ئێستاش لەسایەی پێشکەوتنەکانی ژیاندا، ئەم رێکخراوە بوێرانە بەیداخی زانست و فێربونی راگرتووەو هەنگاو بەرەو ئامانجەکانی دەنی، کە پێگەیاندنی نەوەیەکی هۆشیار بۆ کوردستانێکی سەربەخۆی ئازاد، بۆیە بە مانای وشەو بە کردەوەش، چەکەرەکردنی ئەم رێکخراوە وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو بەسەر ئاراستەو شێوازو هزری بزاڤی رزگاریخوازی گەلەکەماندا.

Kalary79@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.